# بەتەما بووم لە تەم بدوێم

کۆمەڵە شیعر

لا احِبُّ الافِلينَ

«القرآن الكريم»

# بەتەما بووم لە تەم بدوێم

کۆمەڵە شیعر

بەرِۆژ ئاکرەیی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بەرۆژ ئاکرەیی
بەتەما بووم لە تەم بدوێم – کۆمەڵە شیعر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٣٥
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٢٩ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژینک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-37-9

من و ئەم شیعرانە تا سنووری شێتایەتی کەوتووینەتە بەر لەتوپەتبوون و هەڵاوێردن و پێداچوونەوە و پێداهاتنەوە.

ئەم کۆمەڵە شیعرە لە کوردستان و چەند ساڵێکی ڕابردوو، چاپێکی کرێتی بەخۆیەوە بینی و من خێرا کوێرم کردەوە. بەڕای من بەو شێوە ناحەزە ـ کە دەکرا نەبا ـ شیاوی بڵاوکردنەوە نەبوو. بۆیە نەمکرد و تەنیا چەند دانەیەکم بۆ ڕا و بۆچوون بەچەند دۆست و ئاشنایەک بەخشین و... هیچ! (وابزانم مەبەستم لەم هیچە ئەوەیە کە: من ئاگام لێی نییە چەند دانەیەکی تری بەبێ ئاگای من لێ بڵاو بووەتەوە و کەوتووەتە بەردەستی خوێنەر) کەواتە: ئەم کتێبە هەر ئەو کتێبەیە کە لەلای ئەو دۆستانەیە، بەڵام ئەو کتێبەی لەلای ئەوانە، ئەم کتێبە نییە!

چەند شیعرێک گۆڕانی فۆرم و تەکنیکیان بەسەردا هاتووە و چەند دانەیەکیان لە دوای چاپەکەی پێشوو نووسراون و چەند دانەیەکیش دیوان بەدەر کراون.

بەرۆژ – ٢٠٠٤

## له بێدەنگییەکانەوە

من مرۆڤی ماندووی ئەم سەردەمە ماندووەم
ماندووم لە ماندوویێتیی ئەو ژنەی خۆشم دەوێ و
خۆشی دەوێم و ماندووە لە ماندوویێتیم.
تاقەتی بیستنی هەواڵەکانم نییە.
هەر لێرە کە دانیشتووم و خەریکم ئەم دێرانە
دەنووسم

چلوورەکان
تنۆک تنۆک دەتوێنەوە
بانگی باڵندەیەک کە بانگی باڵندەیەکی تر دەکا
ڕووم وەردەگەڕێنــێ و
گەڕانەوەی مێرووڵەکان لەبن دیوار دەبینم.

من ماندووم لە مرۆڤی ماندووی ئەم سەردەمە ماندووە
ماندووم
وەک: تۆ/من/ئەوانەی/ماندووێتیی خۆیان
شانە و شان دەکەن
ماندووم
لە ڕێکردن بەرەو مردن
لە ترسی: ترس/برسیەتی/ئەڤین
دا
دا
دا
دەزانم دەبێ دایەکانیش لە بیر نەکەم
کە دەستی ماندوویان سینگی ماندوویان
دەکوتێتەوە.

دانیشتووم بەدیار یاریکردنی یادەکان لەژێر نسێ و بەر باران

و نێو بەفر و دەم با؟...

"ئاگرێک بەربۆتە هەناوم"...

نا!

نابا هیچ بایێ نیگام و نەدۆزینەوەت دەیباتە سەر قاپە نەشۆردراوەکانی مەتبەخ و خاولییە شینەکەی سەر دەسکی کورسی و هەستان و گەڕان

بەشوێن هیچ شتدا و هاتنەوە و پشت پەنجەرەیش: شوێنپێییەک لەسەر بەفر نەگەڕاوەتەوە.

کێ بوو گوتی: "دێتە دەر لە هەناسەم بۆسۆ"؟*

گڕ لێرەدایە

لێرە...

لەملای سینەم کە ناوی چەپە

دەنا من چیم داوە لە خۆشویستنی خۆشەویستی!

لەم هەمـــوو کـــۆڵانە تەسک و باریک و تاریک و چیی تر(؟) گـــرنگ نییە(!)کاندا خولانەوە بەشوێن چووزانم چیدا(!) کە شەکەت بێ هەست و

پەل بۆ پەیڤێ درێژ بکا و پەیڤیش بێتە ڕایێ و مانا بەهەناسە ببەخشێ و خزین و هەستان و کەوتنەکان ببینێ و ڕووەو بایەکی بێ بۆ
سەر هەڵبڕێ و بێژیتە مە:

"گڕ لێرەدایە
لێرە...
لەملای سینەم کە ناوی چەپە"

مانگ لە ئاسماندا و بێ تۆیی پاڵتۆی تەنیایی لەسەر شان و حەژمەتی دەست بۆ دەستێ لە خەو هەستێ و ناوی خۆی دەبەرکات و کاتیش خولیای بڕینی ڕەگ بە گوریسێک بگۆڕێتەوە کە ئاشنای مەیلی مل نەبێ...

ملێ

کە سەرێکی پڕ کەسەری لەسەرە و

هەڵبڕاوە

ڕووەو داسێ لە ئاسماندا...*

ژنێک لە شوێنێکی لەشمدا بۆتە ژان و
پێیەکانمی کردۆتە هەنگاو
ژنێک کە خۆشم دەوێ و ئەویش دەیوێم
نایناسم و ئەویش هەروەتر
لێی دەگەڕێم و
هاوڕێی شەقام و هەنگاوەکانمە.

شەقامەکان!
ئای... شەقامەکان!

ئێستایش... بەپەنا ئێوارەدا ڕادەبووریٚ
بیر لە هیچ و هەموو شتیٚ دەکاتەوە
قژی باران دەخواتەوە و
منیش لێرە (لە پشت ئەم دێڕە) پشووم.
دەتوانم بڕۆم
لە تەک کاژە کۆنەکە ڕاوەستم و لە هاتنی بڕوانم

که بێ/دێ
بزە بەلێوم دەبەخشێ و
خۆی بەئامێزم...
بۆ تاوێ
تەنیا تاوێ
کە بتوانم ڕوومەتە تەڕەکانی هەڵمژم و
سینگم هەست بەلەرزینی مەمکی بکا.

قاچم دەبێتە هاوڕێی هەنگاوەکانی و
ڕێگایش بەنێو باران و پەنا ئێوارەدا دەمبا
شان بەشانی ژنێک
«ناوی ناڵێم، قەدەغەیە»*

گڤەی با ڕاوم دەنێ و
مانگ، لە پشت لقی درەختەکان
نەخەمیەتی
چلۆن سەرما قاچەکانم ڕاو دەکات و
پەیڤی سەرمایش لەسەر لێوم
سەرما دەیبا.

بنووسم «ئاخ»

گوێی منالێم دەڕوا ڕووەو

ئەو ئاخانەی لە سینگی دایکمەوە

هەڵدەکێشران

بەرەو کەسەرێ

کە سەری لە هەورەکان سەرووتر بوو.

نەنووسم «ئاخ»
لە ئاخنەبای نووسینمدا*
ئاسمان سەرم هەڵدەهێنێ:
پەڵە هەورێک
لەسەر شانم بەجێ ماوە.

هەزار ساڵە دەژیم و دایکم دەڵێ:

"نا... سی و چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، باوکت لە شاخ بوو، باران دەباری، شەو بوو. گوتیان فلانە کەس، (ئێستا ناویم لە بیر نییە، خاڵی ئەو کچە بوو، دواتر لە «تاران» کەس نەیزانی چی بەسەر هات) کوژراوە.

من بەتۆوە ژانم گرت. کە مەیتەکەیان هێنایەوە. بەیانی بوو. باران نەبوو. پشت پەنجەرەیش پڕ لە تەم بوو

تۆ لە من بوویت."
ئێستایش:
هەزار گوللەی شێت
لە شانە هەزار ساڵییەکانمدا دەگەڕێن و
منیش لە کچێک
کە دایکم دەڵێ:
"سێ گوللەی بەر کەوتبوو، ئەرێ ناوی چ بوو؟".

## "وەرە کە وەک پایزێ زەردە ڕەنگم"*

ئێستایش
کە پەیڤەکان خەریکن لە نازانم کوێی زەینمەوە دەڕژێن و
دەستم بەرەو نووسین پیت دەچێنێ
دەنووسم: «تۆ»
خۆم دەکەم بە «من» و ڕێزمان ناهێڵێ
«من» بکەوێتە لای «تۆ»

چی بکەم؟
مەودای نێوان «من» و «تۆ» (دەبینی؟)
تەنیا پیتی «واو»ە و
تۆیش واوە مەچۆ!
«وەرە...»
نا...
لە دەرەوە بەفر دەبارێ
کۆڵان هەتیوە
مۆسیقایش داوێنی پەردەی خستۆتە سەما
منیش ماندووم و دانیشتووم و سەرم خستۆتە سەر لەپی
دەستم و دەنووسم:
خەمکوێرە چاوت کە نابینێ لەرزینی هەستم
لە زەمهەریری ئەو پەیڤانەی
هەزار جار و بەهەزار تەمای تر هەستاون و دانیشتوون
و ئێستایش:
"... کە وەک پایزێ..."
نا...
لە هەواری قوڕگی تۆوە خەمێک هەڵدەکا و پێنووس
بەرەو هەرێمی دینبوون دەبا
منیش هەرچەند ڕۆیشتووم و دەڕۆم و بڕۆم:
تۆ دەمڕوێنی
لە خەیاڵی گوڵدانێکی تەنیادا
کە نیگای لە چاوم دزیوە و
منیش لە ڕوویدا
"... زەردە ڕەنگم".

## دوو هەزار

بۆ «خەبات عارف»ی شاعیر و برام

سەری هەڵدێنا لە شانە ماندووەکانتەوە هەتاوێکی شەکەت و هاژەی دەریا لەژێر پێیەکانت و گڤەی با لە باسکتدا و دڵیش (ئای..ی!) سەرڕێژی ئاخی ئەشقێ لە کێوی قافدا سەری گشت خوداکانت بڕی تا نەگەیشتن بەسیمرغ بکەیتە بیانووی بەبڕین نەچوونی سەرت

بەڵام

تا کوێ و بۆ کوێ نەچوویت؟!
مرۆڤی هەرزان و گوناح!
کە تۆمی گوناهت لە کۆشی دایکە گوناحەکاندا ڕواند
منت کرد بە «ئێمە» و
لە مەلا (کۆنە)کانی بانگدانەوە
تا ئاوابوونی تەنیایی
لە کووچە (نوێیە)کانی دوورەپەرێزیدا
ڕاتگرتین و
ئێستایش
لەو مێگەلە گوناحەدا
سەرەی منە
سەری ماندووم هەڵێنم و پڕ بەدەم بگریم

منم!
منم دەگریم
مرۆڤی هەرزان و گوناح!.

## چارەنووس

پیاو بەپێچەوانەوە

ژن دەهاتن

جلشۆری، سواڵکەری، خۆفرۆشی، مردن ...

(یان بەپێچەوانەوە):

... مردن، خۆفرۆشی، سواڵکەری، جلشۆری،

ژن دەهاتن
پیاو بەپێچەوانەوە
کرێکاری، سەربازی، نۆکەری، جاشێتی،
پێشمەرگایەتی، شەهیدبوون...
(یان هەموو ئەم شیعرە بەپێچەوانەوە):
... شەهیدبوون، پێشمەرگایەتی، جاشێتی، نۆکەری،
سەربازی، کرێکاری،

پیاو بەپێچەوانەوە
ژن دەهاتن
جلشۆری، سواڵکەری، خۆفرۆشی، مردن...
(یان بەپێچەوانەوە):
... مردن، خۆفرۆشی، سواڵکەری، جلشۆری،
ژن دەهاتن
پیاو بەپێچەوانەوە

که پەردەم لادا و چۆلەکەیەک لە بەفردا چاومی تەڕ کرد
تاقە شتێک تەنیا تۆ بوویت
کە من بیرم لێی کردەوە

کە لەشی خۆم کردە کۆڵ و
کووچە و شەقام و شارەکانم پێ تاریک کرد

تاقه شتێک تەنیا تۆ بوویت
که من بیرم لێی کردەوە

که گوتم: "چاوانی؟"
گوتی: "ئەز باشم. لێ ناخازم ب تەڕا بپەیڤم. هێیدۆ!"
تاقه شتێک تەنیا تۆ بوویت
که من بیرم لێی کردەوە
که "بیرگیتا" گووەکەی خۆی کرده مشت و هاواری کرد
Ut härifrån din djävla invandrare
annars ska du få skitet i ansiktet*
تاقه شتێک تەنیا تۆ بوویت
که من بیرم لێی کردەوە

تۆ...
ئەی وڵاتی شەهیدپەروەر
ئەی وڵاتی غەریبپەروەر
جەردەپەروەر
جەردەسەروەر
تاقه شتێک تەنیا تۆ بوویت که من بیرم لێی کردەوە

## بەر لە نێژران، دوای مردن

تۆ بلوێری خەمی منیت، بەبێ لێوم مەناڵێنە
تا هەناسەم نەیژەنیویت، هۆرە مەکە تۆ هیچ مەڵێ
«مەولانای ڕۆمی»

وێڵی دنیای وێڵی کردووم
تاڵە ماندووەکەی سەر تەوێڵی تاڵت
ئەژنۆم دەئاخنی لە خەم
دەستم لە هیچ
چاوم لە تەم
زارم... ئاااااى!

کچە ونبووەکەی شاری (ناوی ناڵێم)
لە خەیاڵی شەوانمدا...
لە چی؟... چی بڵێم چی؟...
پیت بە پیت چوون
بەرەو دەراڤی پەیڤی «کەچی»!
زاری پڕ لە «کەچی»م بۆ کوێ بەرم
بۆ کوێ بەرم؟
بۆ کوێ بەرم؟
کە ونە ئیتر
هەستی بیستنت لەنێو تەمی بینینمدا..

سەرم دەخەیتە بن باخەڵم
هەنگاوەکانم دەبەیت

دە بڕوانە: شەقامەکان بۆ کوێم دەبەن!

من دەزانم
ئەم ڕێگایە بەرەو هیچ کوێ ڕێ دەرناکا

"کارێکم نییە!*
ماندووم و سەرم قورسە لەسەر شانم
پیتەکان هەڵدەگرم

دەیانکەم بەبەرد
چۆنیان ڕیزکەم
کە هەر بەردێ
نهێنییەک لە دەروونیا بۆتە مانا؟
تۆیش واز بێنە
نا .. مەیهێنە
هەستە!
لە سەرەتای ئەم ڕستەیەدا
هەنگاوی چاوت بکە بە باز
تاکو پەیڤەکان ببنە بەردەباز
ئەوسا
دەست لە گشت شتێ کە بەردە،
بەردە!

ناوی من لە زاری تۆدا جوان دەبێ و
بە ناوت زارم
گەر بانگم نەکەی
نزارم.

پەیڤەکان بەرد بن
چاوم لە خەم دادەتاشم
لێوت بەڵام
لە پێکەنین.

تۆ بڕوانە!

پەیڤی «تۆ» لێورێژە لە «من»!

چی دەکەم؟...
بەم پێنووسە دادەتاشم «من» لە «تۆ»
تۆیش بڕۆ!
ڕاکە!/ پرچت بەبا بسپێرە/ چوزانم!
هەرچی حەزت لێیە...

کە دەڕۆی
دڵنیا دەبم
ئیتر ناڕۆی!

گەر لە قەراخ ڕۆیشتنمدا
سەوز بیت وەکو داری لیمۆ
لێت دەگەڕێم و «لێ» دەکەم بە «بۆ»
بۆنت دەکەم
بەکەس چی بۆ؟..

مستێ خاک کە هەڵدەگرم
قەرزاری هەوڵی دەستمە
دەستی من تۆ!

بەکەس چی بۆ؟..

پێخواس و هەناسە بەکۆڵ
کۆڵان درێژن... درێژن... درێژ!
مەوداکان
هەنگاو لە نسێم دەدزن
بێ نسێ دەگەم بەئەمڕۆ
تۆیش دەڵێی بڕۆ

دەڕۆم
لەسەر دەنگت ڕادەوەستم
بدوێ!
بدوێ! بد..

مەگەر نەتگوت:
"تنۆکێک و تنۆکی تر نابن بە دوو؟"*
هەنووکە من دڵۆپی گەورەم گەرەکە
بۆیە پیتەکان یەک یەک هەڵدەگرم
ڕیزیان دەکەم
تێکیان دەدەم
تووڕیان دەدەم

دواتر دەبینم
لەپی لەرزۆکم لەرەی خستۆتە هەوای بەردەمت

تۆیش لێرە نیت.

بهێڵە تاوێ نەتوێمەوە
لەم تینەی گەرەکیەتی
بەرۆکم بکاتە چاڵ.

هەستم دەڵێ هەستە بۆ کێ دەنووسی؟

بۆ خۆم
تا نەهێڵم نیوەتاوێ بتوێمەوە
لەم چاڵەدا کە تینی تۆی کردۆتە ماڵ.

«نم»ێک لە من (کە ئاوەژووی منە)
دەتکێتە سەر تکای دەستت
کە هەڵدەستێ و
تاڵێ پرچت بەرەو دەڤەری پشت گوێت دەبا

«من»ێک لە نم (کە ئاوەژووی نمە)

دەتكێتە سەر هەستی دەستت
كاتێ قژت بەسەر یەكدا دادەگەڕێ و
تاڵی گۆڕین
درزێك دەخاتە
سەر سێوی گۆنات،

سینەت دەخەیتە سەر چاوم
ماچی مەمکت بەبرژانگم
دەستم بەرەو دارستانە شێدارەکەت دەڕوا
هەناسەت... هەناسەم
پێکەنینت: نەرم: "دڕندە! دڕندە ئازیزەکەم"

لێوەکانت دەگەزم
زاری بەستەزمانم
پڕ دەبێ لە دڕندەی ئازیز!

هیچ نەبێژم

وێرانە بۆ من

کە بوێرم

مشتێ لە بۆنی مەمکت بدزم و

بەم وێرانەدا

هەڵی ڕێژم.

هیچ نەبێژم

سەرم گێژە لەم لێژییەی

بوێرم دەکا

دەنگی ڕووخان بەچاو بنۆشم و

هیچ

نە!

بێژم؟

هەر هێندەم بۆ مایەوە
دانیشم و «ناو» لە گشت شتێک بستێنمەوە
تا ببینم
جووڵەی شتێک
کە تاریکایی بوو     و     بەتەما بوو
لە درزی شتێکی ترەوە

که دەرگا بوو
بخزێتە ژوور

لەولاتریش
شتێکی تر
که «من» بوو...
من!
که لە دوێنێوە
سەد ساڵ بوو
تۆی نەدیبوو

شەپۆلێک... دوو شەپۆل... سێ...
شەپۆلێکی گەورە

چەندە لێت گەڕام... بیرت نایە؟... گوڵەکانی بەر دەرگاکەت: سیس بوون، وشک، هەڵوەرین. هەور: سپییە خەمگینەکان. ڕەشە قەڵس و نزمەکان. باران. بەفر، تێپەڕین

شەپۆلێکی گەورە

... سێ... دوو شەپۆل.. شەپۆلێک

تێپەڕین بەفر و باران و هەورە ڕەشە قەڵس و نزمەکان و سپییە خەمگینەکان و هەڵوەرین و وشک و سیسبوونی گوڵەکانی بەردەرگاتان...

بیرت نایە؟... چەند لێت گەڕام؟

گوڵەکان لە زاری تۆدا...

لەوێ دەڕوێن

کە نسێت نهێنیی گیایەکان فێنک دەکا

ناوی تۆ... لێرە

بەنهێنی دەڕوێ

کە گوڵەکان لەژێر نووکی قەڵەمدا

خۆ لە درکاندن
دەدزنەوە.

بۆچی و کێ و چۆن و کەی بنووسم...؟
کە دەنگم بەپەنا گوێتدا ڕانەبووڕێ
کە بزە لەسەر لێوت ڕێی ون نەکا
کە دەستم بەهانەیەکی دەستگرتنتی دەست نەکەوێ
کە تۆ نەمخوێنییەوە
کە لە نووسیندا
پەنا بۆ ئەم هەموو «کە»یە ببەم و
کەی بینینت
بۆ درکاندن مەیلی باڵ نەکا؟

چما «بۆچی»؟

با...

نا...

هەناسەی من بوو

سەرتی وەرچەرخاند

دەستی چەپت پرچتی لەسەر چاوت لادا

منت بینی و گوتت: "ترسام!"

هیچم نەگوت.

گوتت: "بچینە ژوورەوە"
هیچم نەگوت.

ئێستاش لەو باڵکۆنەدا:
کورسی/مانگەشەو/هەناسەی من...
نا...
با...

بزانە!

بەر لە ئاوێتەبوونی بیناییم لە بینینتدا

نەزانینەکانم گشت دەزانین

ئێستایش

دەبینم دێیت... دادەنیشیت

هەناسەم وەکو مەمکت

لە بەرۆكتدا بەند دەكەیت.

کە دواندنت دەکەم بەبیانووی مەمکت... نا!
هەناسەم لە بەرۆكتدا.
دەڵێم: بزانە...

هیچ پەیڤێ لەسەر لێوم ناڕوێ
تۆیش:
بزە لە ڕوخسارت دەڕوێ و دەڕۆی.

سەرئێشەم ئیمشەو

قاچی بەخشیوە بەڕۆیشتن و

با...

بەرەو ڕووم دێ

شانم تاوێ هەست بەدەستی نەبووی دەکا و

تێدەپەڕێ.
مشتێک ڕووناکی
لە پەنجەرەتەوە
ڕژاوەتە نێو کۆڵان
هەڵسە!
لەملای ژوورەکەت بچۆرە ئەولا
لە شتێکی... (چووزانم!...) ونبوو بگەڕێ
با ژانی سەرم
لە ڕەگێکدا ڕێی ون بکا
با بتوانم
دوور لە تەقەی قوڕگەکان و
قوڕگی تەقەکان
شوێنێ بۆ حەجمین
بکەم بەسەرین.

سنوور نەبووم جێم بهێڵێت
قژت نەبووم بمبڕییەوە
تەنانەت با
بەڕاونانی چەند گەڵایەک
بەرمدەیتە کۆڵانەکان.
من تۆ بووم!

(کاتێ کە ناوت گڕ بوو)

هەم!!

(کە داوێنم چنگی بۆ گڕ ڕادەدێرێ)

ئێستایش گەرەکمە

کەوێڵێ سازکەم

بۆ کەوڵی هەستم.

لەو کەوێڵەدا

چرای سەری سەوداسەرم هەڵدەکەم و

"فریشتە"یەک لەم دەقەدا

دەق دەکەم.

گەر

تەمە تەنکەکەی ژێر درەختی بەرماڵت بام

خۆم دەدا

دەست با

تاکو بمبا

لەو ژوورەدا چی دەکەیت؟
ئاوێنە سەرینت نیشان دەدا
دەستی کراست
بەسەر تەختەکەتدا شۆڕ بۆتەوە
تۆیش لە پەنجەرەوە
چاوت بڕیوەتە
تەمە تەنکەکەی ژێر درەختی بەرماڵەکەت
کە گەر من بام
خۆم دەدا
دەست با
تاکو بمبا...

نەیپرسیوە لێوت هەرگیز و دڵنیایە دڵم
کە چاوت پرسی زوڵاڵی لێ دەزێ:
"خۆشمت گەرەکە؟"
گەرەکمە و گەرەکمە چاوگەی خۆشەویستیت
بە شتێ بچوێنم
ناتوانم.

ئەریٚ بەڕاست، ڕاستە دەڵێن ئەستێرە هەن، چەندین ساڵە مردوون و ئەو تیشکەی دەگا بەئێمە، هاواری مردوویەکی ڕووناکە و خەڵکیش بە شتی تری دەچوێنن؟

دیسان بەڕاست، تیشکی گۆنات هی چەند ساڵیٚ بەر لە ئێستای ئەو ساتە بوو کە من هەڵسام، پەردەم لادا و... تۆیش مەمکەکانت لە تریفە شاردنەوە؟

ئێستایش ماندووم

ماندووم و گەرەکمە بیری بیابانێکی تر لە یادت هەڵکەنم تا ڕێگاکەم نەکەوێتە لای ماڵەکەت

کە لەویٚ نیت.

بەرەو کوێ هەنگاو بەڕێکەم
تاکو ڕێ کورت بێتەوە
وەک هەناسە لە سینگمدا کە تۆ دەتگوت:
"هەناسە بکێشە ماڵی دڵم!"

خۆشەویستیت کوێری کردم/ نەفرەتت بینا.

...

(من ناتوانم، تۆ بنووسە!)

لەو شەوەوە
بۆنی نەبوونت دەر و دیواری تەنیوە
ناوی شەو بۆتە ڕەنگ و بیناییمی داپۆشیوە...

من خەریکم چی دەنووسم یان بنووسم بۆ بنووسم؟!
من! ... کە هەوڵم دا

بتکەم بەئاوێنە بۆ کەنینێ پرمەیێ هەنیسکێ
نەبوو نییە نابێ...

نەبوو نییە
نابێ!
نەبوو
نییە نابێ!
تەنانەت بۆیشت نەگریام

سەرەڕای ئەمەیش
ئەم شیعرە نە هی منە و نە بۆ تۆ!

له خەونمدا گەورەتری
مناڵتری
جوانتری و
نازانم چیی تری!
گەر گەرەکتە گەورەتر و مناڵتر و جوانتر و
نازانم چیی تری خەونەکانم بیت

وەرە... لە شەوە کوێرەکانمەوە داگەڕێ و
لە خەونمدا
کونجێک بکە بەشوێنی خەو

گەر ناتەوێ گەورەتر و منداڵتر و جوانتر و
نازانم چیی تری خەونەکانم بیت
برۆ... بەشەوە کوێرەکانمدا هەڵگەڕێ و لە خەونتدا
سووچێک بکە بەشوێنی خەوم

بێدارت ناکەم! تۆ بێزاریت.

بێدارم مەکە! من بێ زارم.

شەو تەنیا شەوە و وا بەڕێوە

کەسێک دەڵێ من دەنووسم تۆ دەڵێیت نارۆن پەڵە هەوری پشت پەنجەرە چەقین و بێزاربوون لە ئیتر چی بنووسم ئەژنۆم خەریکە دەسووتێ دیسان ڕووەو هەستان و هەنگاو و هەوڵی هەست و شکاندنی گشت شتێکی تاریک لە شەوێکی تاریکی تەنیادا کە تەنیا شەوە و

کەسێک گوتی

من نووسیم

تۆیش

نا...

چەند سێوییە کورسیی دوور لە سیلەی چاوەکانت
کە هەڵدەستیت، تاریکی دەشڵەقێنیت و
دەستت لە جگەرە دەگەڕێ.

منیش لە دیدی کورسییەوە:
دانیشتووم و چاوەڕێم دەست بۆ چەرخ بەریت و
سەوزایی سەری مەمکت بنووسمەوە

"ڕوو لە هەر لایەک دەکەم" تۆ لەوێ ڕووتیت
پەنجە بە زمانت تەڕ دەبێ:

"وەرە!"

ڕوو وەردەگێڕم تۆ لەوێ ڕووتیت

سەری پەنجەت چمکێ لادەدا:

"گوڵەکەم تەڕە!"

چرا کوێر دەکەم
تاریکییەکی تەڕ دەگرمە باوەش.

پەردە لادەدەم:

تاریکی بەفری لێ دەبارێ

کچێک خەریکە بە ژێر چرای سەر شەقامدا تێدەپەڕێ

من لە پشت پەردە

قورسایی دڵم خستۆتە سەر قاچی چەپم.

دوێنێ درەنگە

سبەی دوورە

ئێستا...

نانووسم.

من دێوم!...

قەحبەگوڵ بڕوانە لەم گوڵانەی لە ئێسقانەکانمدا ڕواون کە تۆ بانگی ناوت کردووم بۆ ڕوانین لە کزۆڵەبوونی مانگ لە گۆماوی ژێر پردێکدا کە تەم لە خەیاڵی ئالآوە...

ئالآی چی!؟

گشتیان بدەرە دەم دڕانەوە

ئەم جیهانە خەوخنکێنە لە خەونمدا بخنکێنە
کە کردوومیەتی بەدێو

دێوی ماندوو لە ماندووێتی
دێوی تەنیا لە تەنیایی
دێوی زەلیل لە دێوێتی

قەحبەگوڵ..

حەزم لە چرپینی گریانی خۆمە
لە ڕاکردن بەرەو نازانم کوێ
کە هیچ کەس لەوێ
پێم نالێ بۆ کوێ؟

حەزم لە چرپینی گریانی خۆمە

له ونبوون و بەچاوی تۆ بینینەوەم
چمکی کراستم
له شانت بەرەلاّ دەکرد
لەشت ئاوێنەیەکی تر بوو
بۆ ڕووتبوونەوەم

گوێت لێمە؟
حەزم له چڕینی گریانی خۆمە!

گریان فرسەخێ دوورە من لە دڵت تەنگە دەزانم
تۆ دەزانی ڕۆژێ ئێرە شەوی ئەوێیە
تۆ لە «هیچ» دەگەڕێیت نایدۆزییەوە
هیچ کەس هیچ کەس و شتی ون نەکردووە
تۆ بەپێچەوانەوە
دەڕۆیت

بڕۆ

بەرەو فرسەخێ کە گریانی لێ دوورە

من لە دڵت

تەنگە

دەزانی؟

من دەزانم

تۆ دەزانی

خۆم لە دەستەکانی خۆم ناوە تۆ وەرم ناگریت لە دنیای شەو و شەوی دنیای هەستێک کە دەبێتە دەست و هەڵمدەگرێ و دەمخاتە دەستی خۆمەوە

بۆ تۆ وەرم ناگریت؟

لە تەنیاییم تەنیا ناکەیت

تەنیایی خۆت لە تەنیاییم تەنیا ناکەیت

خۆت لە دەستەکانی خۆت نانێیت تا وەرت بگرم لە دنیای شەو و شەوی دنیای هەستێک کە دەبێتە دەست و هەڵتدەگرێ و دەتخاتە دەستی خۆتەوە
من
وەرتناگرم
لە تەنیاییت تەنیا ناکەم
تەنیاییی خۆم لە تەنیاییت تەنیا ناکەم

دوو تەنیا
هەرگیز تەنیان
هەمیشە نین

تۆ پێم دەڵێیت
بڕوا ناکەم!

"له کوێ دەبێت"
من دەپرسم: "گۆڕەکەی من؟"
لێرە لە با*

نەبوونم چۆن دەبێتە مەرگ مەرگیش هەواڵ کە هەڵدەکا
تۆ دەیبیسی

دەستت دەڕوا

بەرەو قژ نا..

ڕوومەتت نا..

قوڕگت ئا!

کە دەڵێ: نا!

نا...

ئەمە تۆ نیت کە پەیڤەکان لادەدەیت و دەردەکەویت

دێیت و دینبوون هەڵدەگریت و

دەیکەیتە گڕ

هەڵیدێنیت بەرەو باڵای «ئا»ی ڤیانم

ئەمە تۆ نیت بنووسم قژ
پێنووس بوەستێ دەستیش هەستێ
دایبهێنێ

تۆ ئەوە بوویت شانی هەستت نەگەیشتە چۆکی ئەشقم

دەستم دەنووسێ
دڵم دەڵێ:
نا...
ئەمە تۆ نیت

ـ هەلۆ؟!...

"ئەو کەسە نیت بۆی دەمردم" ڕستەیەکە ڕقم لێیە لەم بەفرەی فڕ فڕ فڕ دەڵێیت (مەبەستم تۆ نییە!) پەڕی کۆترە و دەبارێتە سەر شۆستەکەی پشت پەنجەرەت بە جێ دێڵم

من دێمەوە:

ـ هەلۆ؟!...

" ئەو کەسە نیم بۆت دەمردم" ڕستەیەکە خۆشم دەوێ ئەم
بارانەی تن تن تنۆک دەڵێیت (مەبەستم تۆیە!) ئەشکی
تۆیە و لە چاومەوە دەتکێتە سەر ئا .. ئەم دێرەی بۆم
نانووسرێ
جێم دەهێڵێ
دەڕواتەوە:

ـ هەلۆ؟!...

ـ هەلۆ؟!...

## سەنگساربوون بەدەمی سەگسارەکانەوە

فریشتەیەک گوتی:
"خوێڕییەکان گشت شتە باشەکانی ئێمەیان بردووە"

بەڕۆژێک گوتبووی:
"من، هیچ کام لە خوشکەکانم قەحبە نەبوون
بەڵام گشت قەحبەکانی دونیا، خوشکی منن!"

لوول دەخۆیت بەدەم گەردەلوولی گومانەوە
کە گردی یەقینی کردۆتە تەختی سەما:
دەلەریتەوە
دەچەمیتەوە
هەڵدەستیتەوە و
دەمی خەڵک بۆتە دەست و پڕە لە بەرد.

بینابیم تاڵێ قژی ڕۆیشتوو بەرەو مەمکی چەپت
دەکاتە ڕێگا و هەڵدەخلیسکێ:
دەلەرێتەوە
دەچەمێتەوە
بەردەبێتەوە و
بەردەکان بەسەرماندا دەبارێن و
"دەستم بەردە! نابێ بەبەرد!"

تۆ ؟...

**لە دنیادا یەکێ وەک تۆ**

**ئەویش من شێت...**

زستانی دوو هەزار و نازانم چەند
ستۆکهۆڵم

چەند ئاماژەیەکی پێویست

لاپەڕە دوازدە:

ئاگرێک بەربۆتە هەناوم/ دێتە دەر لە هەناسەم بۆسۆ «وەفایی»

لاپەڕە چواردە:

"مزرع سبز فلک دیدم و داس مه نو حافظ شیرازی

لاپەڕە هەڤدە:

"نامش را نمی گویم ممنوع است" رضا براهنی

لاپەڕە نۆزدە:

ئاخنەبا: دوارِۆژەکانی زستان «هەنبانە بۆرینە- هەژار»

لاپەڕە بیست و دوو:

"وەرە کە وەک پایزێ زەردە ڕەنگم" خالیدی حیسامی- هێدی

هەوڵێکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێکی کۆندا و نووسینی دیوی نەنووسراوی ئەم دێرە.

لاپەڕە سی و دوو:

Hejdå خوداحافیز (سویدی)

هەمان لاپەڕە:

Ut härifrån din djävla invandrare
annars ska du få skitet i ansiktet

بڕۆ دەرەوە پەنابەری بەلەحنەتکراو
دەنا گوو دەکەم بە دەموچاوتدا (سویدی)

لاپەڕە چل:

"کاری ندارم که" محمود داوودی

لاپەڕە چل و هەشت:

ئاندرەی تارکۆفسکی

لاپەڕە نەوەت و دوو:

لۆرکا